# دواکەوتوویی دەسەڵاتی کوردی لە ناواخنی پرسی عەلمانییەتدا

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

بەم دواییانە جاروبار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبیو حکومیی کوردستانەوە بۆ ئامانجی سیاسی دیاریکراو پرسی عەلمانییەت ئەوورووژێنریٚ، بەڵام لە ڕادەبەدەر دڵخوازانەو زیهنیی ئەخرێتەڕوو، وە باسوخواسی لەسەر گەرمئەکرێت. بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی وەکو (کەلتووروڕۆشنگەری، لەگەڵڕەنج، سێرەو بێسنوور..تد) هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان لەگەڵ کەسانێکی دەسنیشانکراودا تاووتوێی ئەم دیاردەیەو لایەنەکانی ئەکەنو قسەوباسی لەبارەوە ئەکەن.

لێکدانەوەی مەبەستدار، شێواندنی ڕاستییەکانو مێتۆدێکی بێئەندازە هەژارو دواکەوتووانە لە شیکردنەوەدا، بە شێوەیەکی بەرجەستە بە سیماو ڕەواڵی بردنەپێشو پێشکەشکردنی ئەم بەرنامانەوە دیارە. ئامانجی سەرەکی ئەم چالاکییە ژوڕنالیستییە هەوڵێکی ئاشکرایە لە پێناو بەلاڕێدابردنی هووشیاریو زەینی کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە سکۆلاریزم وە بۆ ئاراستەکردنو ئیحتیواکردنی مەیلی نوێخوازیو پێشکەوتنو کرانەوە کە لە سەرتاسەری کوردستاندا شەپۆلئەدا. مۆدێرنیزمو سکۆلاریزمو پێشکەوتنخوازیی بە سەروسیمای خەڵکو شێوازی شارنشینی لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بێزارییان لە دیاردەو ئاسەوارە ئایینییەکانو خۆشەویستییان بۆ فەرهەنگی ڕۆژئاواییو ڕووکردنیان لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەسەر دەیان دیاردەی دیکەی ئەم کۆمەڵگایەوە بەباشی دەبینریٚ. مۆدێرنیزمو کۆمەڵگای مەدەنیو کرانەوەو پێکەوەژیان جێگای گەورەی لە دڵودەروونی خەڵکیدا هەیە سەرەڕای دژایەتی سەرسەختی ئەحزابی کوردیو ڕەوەندە ئیسلامییەکان بۆ سکۆلاریزم. دەسەڵاتی کوردی لەم ڕێگایەوە بەنیازە ڕوخساری نامۆ، عەشیرەییو دواکەوتووانەی خۆی لە ڕووکەشێکی عەلمانیو مۆدێرنیزم هەڵکێشێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ کۆنەپەرستی ئسلامیدا بکات بەژێرەوەو سیمای عەشیەرەیی خۆی تێکەڵی تەوژمو تەشەنەی دیاردەی مۆدێرنخوازیو سکۆلاریزمی خەڵکی کوردستان بکات.

پۆلێنکردنی حیزبە قەومیو ئیسلامییەکانی کوردستان بۆ ئەحزابی عەلمانیو ئیسلامی، بەڵگەو دۆکۆمێنتێکی ئاشکرایە لەمبارەوە. بەگوێرەی توێژینەوەو لێکدانەوەی گەوهەری ئەم کەمپینە ئەعلامییەی ڕۆشنبیرانی ناسیونالیستی کوردی بێت، یەکێتی، پارتی، زەحمەتکێشان، حیزبی شیوعی کوردستانو حیزبی سۆسیالیست ئەکەونە خانەی حیزبە عەلمانییەکانەوە، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامیو بزووتنەوەی ئیسلامیو ئەوانی تریان لە بەرەی بەرامبەرو دژ بە عەلمانییەتدا ئەوەستنەوە. ئیتر جێگایەک بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، چەندین ڕێکخراوی چەپو کۆمۆنیستو بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ڕووناکبیران، ئازادیخوازان، هوونەرمەندان، لاوانو جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی مەدەنیو لایەنگری فەرهەنگی ڕۆژئاواییو پێشکەوتووانە دانەنراوە، کە مۆرو نەخشی خۆیان ناوە بە ڕوخساری کۆمەڵگاو ژیانی خەڵکی کوردستانەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم جموجووڵە ئەعلامییە گەیاندنی پەیامی جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردییە بەگوێی خەڵکی کوردستان لەڕێگای ئەم وەشاندنە تەلەفزیۆنیانەوە؛ کە بەڵیٚ ئێستا کوردستان بە قۆناغی دارِشتنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا تێئەپەڕیٚو سەردەمێکی ناسکی تەجروبەی دیموکراسیو فرەییو ئەم شتانەیەو گوایا حکومەتی هەرێم سەرقاڵی مۆدێرنیزاسیۆنو گەشەپێدانی ئابووریو سەرمایەگوزاریو ئاوەدانکردنەوەیە. ئازادی ڕۆژنامەگەریو ئازادی بیروڕاو ئازادی سیاسیو دیموکراسی بەرقەرارە. پێشکەوتنو گەشەکردنی کوردستان بێوێنەیە لە ئاستی خۆرەڵاتی ناوەڕاستداو تەنانەت زۆر جار

ئەشیچوێنن بە ئەبوزەبیو دوببەی! هەندێ جاریش منەت ئەکەن بەسەر خەڵکیدا کە ئەم تەجروبەیان بۆ هێناون!

بە واتایەکی تر ئامانجی ئەم پەیامە سینیاڵێکە کە گوایا لایەنو هێزە عەلمانییەکان (یەکێتیو پارتی) سەرگەرمی بردنەپێشی پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنو نەخشەکاریکی سکۆلار جێبەجێئەکەن لە کوردستان، بەڵام ئەوە لایەنە ئیسلامییەکانن (یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامیو بزووتنەوەی ئیسلامی)و دوژمنانی کوردن بە خراپ سوود لەم ئازادیو ئاوالەییە وەرئەگرنو لەدژی ئەم پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنە دەوەستنەوەو گرفتی بۆ درووست ئەکەنو بە ئاراستەی تاکڕەهەندیو تۆتالیتاریزمدا ئەیجووڵێنن.

بەڵام ئەگەر لەوە بگوزەرێین کە ئیدیعایەکی بەمجۆرەو پەیامێکی میدیاییو ڕووکەشی بریقەداری لەم چەشنە لەناو دیاردەی گەندەڵیو باڵکێشانی دزیوفزیو بێبەرنامەییو بێنەزمیو حوکمی میلیشیاییو سەرکوتی ئازادییەکانو پێشێلکردنی مافو حورمەتو کەسایەتی ئینسان بەسەر کوردستانی ئەمڕۆدا تا کوێ بڕئەکات، بزانین عەلمانییەت خۆی وەکو چەمکێکو دیاردەیەکی جیهانی شارستانی مانای چییە، پێناسەی کامەیەو بەکردەوە دەبێ کام جێگاوڕێگا بۆ ئینسانو مافو ئەرکەکانی دابنێت؟ کام جۆرە یاساو ڕێساو سیستەمی حوکمڕانیی لە کۆمەڵو حکومەتێکی عەلمانیدا فەرمانڕەوایە؟ وە تا چ ئاستێک خشتەی سیاسی ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکانی جیهان، باڵانسی ململانێی هێزو بزووتنەوە سیاسیو کۆمەڵاتییەکان لە خۆرەڵاتی ناوەڕاستو عێراقدا بواری تێدایە کە کوردستانی ژێر سایەی جووڵانەوەی ناسیونالیزمی کوردی، ڕێگای زەمینەسازی بۆ دامەزرانو بەرقەرارکردنی ڕژێمو سیستەمێکی عەلمانی بکاتە ئەگەرێکی عەمەلیو واقعی؟

بۆ ئەم مەبەستە پێموایە مەنسور حکمەت بە باشترین شێوە دەربارەی عەلمانییەت وەڵامی داوەتەوەو بەباشم زانی وەڵامەکەی ئەو لێرەدا بهێنمەوە. دواتر سەرنجێکی خێرا ئەدەین لە بنەمای مێژوویی کەوتنەلاوەی مۆدێرنیزمو سکۆلاریزمی بۆرژوایی لە وولاتانی ئیسلام نشیندا بەدوای پەیدابوونی دیاردەی ئیسرائیلو پاش دەسکێشانەوەی ڕۆژئاوا لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنو سکۆلاریزیسیۆنی خۆرەڵاتی ناوەڕاست.

*مەنسورحکمەت، ڕابەری کۆمۆنیزمی کرێکاری وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری (پرسین) دەربارەی سکۆلاریزم بەمشێوەیە ئەداتەوە:*

*"عەلمانیەت پێویستە هەر بەو شێوەیە پێناسەبکەین کە باوە. ناکرێت ڕادیکالیزمێکی زۆر بچەسپێنین بەم مەقولەیەوە. عەلمانیەت واتە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتو سیستەمی خوێندنو پەروەردەو فێرکردن. جیاکردنەوەی دین لە ناسنامەی هاوڵاتیبوون وە پێناسەکردنی مافو دەسەڵاتو ئەرکەکانی هاووڵاتیان. کردنی ئایین بە مەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەوکاتەی کەئیتر ئایینی تاکەکان لە پێناسەکردنی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی ئەوانو لە پەیوەندی نێوان تاکو دەوڵەتو تاکو بۆرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەمجۆرە عەلمانیەت کۆمەڵێک هەلومەرجی لانیکەمە. بۆ نموونە من ناتوانم هەموو هەڵوێستگیریی خۆم بەرامبەر بە جێگاوڕێگای ئایین لەنێو کۆمەڵگادا، لە چوارچێوەی ئەم مەقولەیەدا جێبکەمەوە. من تەنها خوازیاری عەلمانیەت نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هووشیارانەی کۆمەڵگام لەگەڵ دینەکاندا. خوازیاری ئەوەم کە چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن بە مەلاریاو نەخۆشیە درمەکان خەرجئەکرێت، هەر چۆن لەدژی ستەمکێشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منداڵان هوشیارانە سیاسەت دائەڕێژرێت، بەهەمان شێوە ووزەو توانایەک لە کۆمەڵگادا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئایین تەرخان بکرێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دین، دامەزراوەی دینیو ئایینە پێناسەکراوەکانە، نەک ئەندێشەی دینیو تەنانەت بڕوابوون بە ئایینە کۆنەکانو ئەوانەی ئێستا. من کەسێکی دژی دینمو خوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگا سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کە لە سیستمیکی عەلمانیدا هەیە، بۆ ئایینی خۆڕێکخستوو وە "پیشەسازیی دینی" دابنێت. ئەگەر قانوون دیانەتەکان ناچار بکات کە خۆیان وەک*

*کۆمپانیا قازانج هێنەرەکانو دامەزراوە ئەهلییەکان ناونووسبکەن، باج بدەن، لەژێر پشکنینداین، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسی، مافەکانی منداڵان، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی درۆ، قەدەغەکردنی تۆمەتلێدانو ورووژاندن، یاساکانی پاراستنی گیاندارانو..تاد ڕەچاوبکەن، ئەگەر وەک "پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ" پیشەسازیی ئایین"دا بکرێت، تەنها ئەوکاتە ئێمە لە هەڵوێستێکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خۆنواندنی دین لەکۆمەڵگادا نزیک دەبینەوە."*
*(ئەمەی خوارەوە لینکی ئەو مێزگەردەیە کە مەنسور حکمەت یەکێکە لە بەشداربووانی بەناوی؛ بڵاکردنو ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی: http://www.hekmat.public-archive.net/)*

بەڵام سەرەڕای بوونی مەدێکی گەورەی عەلمانییەتو مۆدێرنیزم لە کوردستان، ئاسەواری ئایینی ئیسلام بە هەموو کونو قوژبنێکی ئەم کۆمەڵگاوە چەسپێنراوە. سەرباری هەزاران مزگەوت، خوێندنگای ئایینیو وەزارەتی ئەوقافو دامو دەزگای دیکەی پەخشی خورافاتی ئایینی، بودجەو پارەوپوولێکی زۆر بۆ ئەحزابی ئیسلامی هەڵڕژێنراوە. ئایین ئاژین بۆتە ناو پرۆسەی خوێندنو پەروەردەوەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی هەیە لە ژیانی خسووسیو هەڵسوکەوتی فەردیو بەکۆمەڵی جەماوەری خەڵکدا. جێگای پێکەنینە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی لەم جۆرەدا ئەگەر کەسێک بێت ئەم دەورودووکانە بچوێنێت بە ڕژێمێکی عەلمانی. فتوای کوشتنی ژنان، ئازادیخوازان، نووسەرانو خەڵکی چەپو کۆمۆنیست لە مزگەوتو زۆر جاریش لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە، نزیکایەتی ئەم حکومەتو دەسەڵاتە زیاتر لە تالیبانو جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانەوە نیشان ئەدات، نەک لە کۆمەڵی مەدەنییەوە.

بەپێی قاعیدە هێنانەئاراو بەرپاکردنی ڕژێمو سیستەمێکی عەلمانی لە خۆرەڵاتی ناویندا ئەبووایە پەیامی مێژوویی جووڵانەوە بۆرژواییەکانو کاپیتالیزمی تازەهەڵچووی وولاتانی لە چەشنی ئێران، عێراقو سووریا بووایە لە سەدەی بیستەمدا. دەبوو ئەنجامدانی ئەمە نەخشەکاری لیبرالیزم، ناسیونالیزم، مۆدێرنیزمو غەربگەرایی بۆرژوایی بووایە. ڕۆژگارێک بوو بۆ دەورەیەک وا ئەهاتە پێش چاو کە پرۆسەیەکی لەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا هەرچەند کیسەڵییو نیوەناچڵ، بەڵام کەوتۆتە سەر تل. کەچی ئەم بزووتنەوانە لە ساڵانی حەفتاکاندا بەهۆی پشتهەڵکردنو پەشیمانبوونەوەی خۆرئاواوە لە پاڵپشتیکردنو تەواوکردنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنو گواستنەوەی تەکنۆلۆژیو نەشونمای کاپیتالیستیو ئەم شتانەوە بۆ ئەم ناوچەیە، بەتایبەت بەدوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، تەمەنیان کۆتایی پێهاتو بەکردەوە پرۆژەی گەشەپێدانی ڕۆژئاوایی ڕاوەستاو قەیرانی حکومەتی سەریهەڵداو گێژاوی فیکریو ئایدیۆلۆژی سایەی خستە سەر تەواوی ناوچەکە.

بەشوێن ئەم ئاڵوگۆڕە لە هەڵوێستی خۆرئاوادا جووڵانەوە سەربەخۆییخوازەکان لە وولاتانی ڕۆژەڵاتی ناوەندا لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا دەوڵەتی پرۆغەربییان پێکنەهێنا. بەڵکو ڕووخانو پووکانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە پاشایەتییەکان بووە مایەی سەرهەڵدانی دەوڵەتە میلیتاریستو داپڵۆسێنەرەکان کە بەشی زۆرینەیان لە کێبەرکێی بلۆکی ڕۆژەڵاتو ڕۆژئاوادا کەوتنە نێو بازنەی دەسەڵاتو نفوزی بلۆکی سۆڤێتەوە. شکڵگرتنی کاپیتالیزمو پرۆسێسی پیشەسازیکردن لە وولاتانی خۆرەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی لەڕێگەی دەوڵەتە ناسیونالیستیو تۆتالیتاریستییەکانەوە بڵاوبۆوە. بەکردەوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆرژوایی بەمانای ووشەکە نەهاتەئاراوە. هەر بۆیەش لیبرالیزمو مۆدێرنیزمی بۆرژوایی بە نەزۆکی لە حاشیەی کۆمەڵگاکانی خۆرەڵاتی ناوەندا بوونە تەماشاچی ئاڵوگۆڕەکان وە هەرگیز وەکو دوو بزووتنەوەی موعتەبەرو بەسەنگ دەرنەکەوتن لە خۆرهەڵاتی ناویندا. جووڵانەوە ناسیونالیستییە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە تابگا بە باڵە ئۆپۆزیسیۆنە پەراوێزەکانیشیان، چئەوانەی لایەنگری سۆڤێت بوونو چئەوانەشی هەواداری خۆرائاوا، بەگشتی هەمیشە لە هاوپەیمانییەکی سیاسیدا بوون لەگەڵ ئیسلامدا.

لەبنەڕەتدا سکۆلاریزم لەناو ڕەحمی کاپیتالیزمی خۆرئاوادا هەر ئەوسا، واتە لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەباربرا. ئیتر هیچ کات بەوێنەی کاردانەوەو بەرهەمێکی فیکری،

سیاسیو ئیداری گەشەو پەرەسەندنی کاپیتاڵیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەهاتەئاراوە. بەمپێیە بۆرژوازی ناوچەکە نە ئەوساو نە ئێستاش نەخشەکارێکی سکۆلاریستی پێنەبووەو نییە، وەیان تەنانەت تواناو کارامەیی هەڵوێستگیرییەکی بەم شێوەیە بە شانو شەوکەتییەوە نابینرێت. دامەزراندنی سیستەمێکی سکۆلار ئیتر بەکردەوە سەدەمانێکە بۆتە ئەرکی جووڵانەوە سۆشیالیستیو کرێکارییەکان. ئەمەش زەمینەو مەسەلەیەکە کە سەرکەوتنی چەپ لە وڵاتانی خۆرەڵاتی ناوەڕاستدا ئەکاتە ئەگەرێکی واقعیو پراتیکی. خەڵکی ئەم ناوچانە بەشێوەی گشتی خوازیاری ڕژێمێکی سکۆلاریستین، وە لە نەبوونی بەرەیەکی عەلمانی ڕاسڕەوانەدا خەڵکی لەدەوری پەرچەمی چەپی کۆمۆنیست کۆئەبنەوە بە مەرجێک ئامادەیی خەباتێکی ڕیشەییو هەمەلایەنی تێدابێت لە دژی سایەو هەیبەتو باڵادەستیی ئایین.

2008/6/22